بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٢٤) لە ٢٠٢١/١٢/١

پشتبەستوو بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠٢١/١٢/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

یەکەم: ڕاسپاردنی لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی خوارەوە بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە بابەتی دەستی کاری بیانی لە هەرێمی کوردستان و دەرفەتەکانی جێگرتنەوەیان بە دەستی کاری خۆماڵی کە جێگەی بایەخی حکومەتە و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی ئێستا بەرکارن لە بواری کار و خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها پەلەکردن لە گەڵاڵەکردنی پڕۆژە یاسای کار و خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتیی نوێ کە کاری باشی لەسەرکراوە بە جۆرێک کە مافی کرێکاری تێدا پارێزراو بێت و هاندەربێت بۆ ئارەزووی کارکردن لە کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر و ڕێکخستنەوەی دەستی کاری بیانی:

١. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
٢. وەزارەتی ناوخۆ.
٣. وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٤. وەزارەتی پلاندانان.
٥. وەزارەتی تەندروستی.
٦. فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.
٧. سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٨. سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران.
٩. فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران